چیرۆک



سەبا ئەحمەد

# گەشتێک تا لەوسەری رەهابوون



که لە ناو تەپوتۆزی ئەو چۆڵەوانییەدا هەستامەوە بۆ یەکەم جار بوو لە ژیانمدا هەست بە هیچ جۆرە ئازارێک نەکەم. نە ئازاری جەستە.. نە ئازاری روح.. نە ئازاری ویژدان... کە من زۆر جار بەیەکیانەوە یا هەرسێکیانەوە خەریک بووم.. سەیری جەستەی خۆم دەکەم هیچ شوێنەوارێکی ئەو خوێنەی پێوە نەبوو ئەم ئێوارە لە خاڵ بەخاڵی جەستەمەوە وەک کانییەکی بەهارە هەڵتۆقی بوون و جۆگەیان بەستبوو.. ئەم کات و ساتانە لای من زۆر

سـەیر بوو یـەکـەم جـارە بکەومـە ڕێ بێ ئەوەی لە خـەمی تاریکی و تەنیـاییـدا بم و ترسم لە هیچ هەبێ.. دڵم گەورە و هۆشم جەم بوو. لە بـازگەکـانی سنووری ئـەم ژیانە ئاودیو دەبووم بۆ ژیانێکی تر ژیانێکی بێ سنـوور «دنیـایەک بێـلایـەنانە لە ڕووداوەکـان بنـۆڕم.. دنیـایەک کەوتبوویە ئەودیو تەماعەکانی مرۆڤ. لە نێوان گریان و پێکەنیندا مۆلەقم هەرچۆن لە نێوان حەز و ئیرادەدا مۆلەق بووم.. مرۆڤ تا نەکەوێتە دەرەوەی بازنەکان ناوەوە بە ڕوونی نابینێ وەک من و هەنوکـە بەرامـبـەر دەفـتـەری تەمـەنی گـوزەشـتـە وەسـتـاوم بە سـات بەسـاتیـدا دەچمەوە هەرپەڕەیەکی بۆخـۆی بانگم دەکات و کۆمەڵێک دەنگی جیاوازی لێ دەردەچێت کە لە سەرمدا بوونەتە ژاوەژاو و.. پێویستم بە هەناسەیەکی قووڵ هەیە تا بتوانم پشوویەک بە دەروونم بدەم و.. بێـلایەنانە و راسـتگۆیانە هـەمـوو کـارەسـاتەکـان وەک خـۆیـان بگێـڕمـەوە چونکە چیتـر من کارم بە زیندووان نەماوە بەسـەرهـاتەکان چۆن لێک دەدەنەوە ئازادن.. گەر لەگـەڵ من بێن بەسـات بەسـاتی تەمـەنی خـۆمـتـان ئاشنا دەکـەم.. ڕەنگە نموونەی دەیانی تریش بێت کە بێ هیچ ناوونیشـانێک بزربون لە قـووڵایی شـەوێکی تارا فڕێ درانە دەرەوەی ژیان و لە کـێـوێک یا دەشـتـێکدا کرانە ژێرخـۆڵێکی بێ ناوونیـشـانەوە.. هەنوکـەش بە ئەو هیوایەوە کەسێک بێتـو سەری ئەو چاڵە لابدات و بە دوای چیرۆکی ئەو مەرگانەدا بگەڕێت.. کـەچی هـەروا بێ ناز و بێ ئومـێد دەبێ بـۆ ئەبەد چاوەڕێن.. نازانم چ شـتێک وام لێ دەکات ئەم وشـانە بـەبێ بەربەست لـە زارمـەوە بە لێـشـاو بێـتـە دەرەوە..تا ئەم سـاتـە هەمـوو ئەو نهێنییانە دەگێـڕمەوە کە هـەرگیز نەمتوانی لای هیچ بوونەوەرێک خاوەنی هـەناسـەیەک بێت بگێـڕمـەوە. بگرە لای من هـەردەم دارودیوار گوێیان هـەبووە.. ئەو شـتـەی کە لە ژیانی مندا زۆر دیار بوو بێـدەنگیم بوو. منیش حـەزم دەکـرد توانام هەبایـە بە ویسـتی خـۆم قـسـەم بکردایە و پڕ بـە گـەروو گۆرانیم بچڕیایە و سـەمـام بکردایە پڕ بە دڵە کـەسـاسـەکەم قاقام هەڵدایە.. بەڵام ئەفسووس.. بۆیە دەمەوێ لێرەوە ئەم هەموو هۆ و بەرەنجامانە بگێڕمەوە کە منیـان گـەیانـدە ئێـرە.. لـەنوکـەوە هـەرلەوشـەوەوە کـە بە ئاهـونـاڵەی دەنگـێکی سـەیر بەخـەبەر هـاتم. ئەوەی کە دیم هەمـوو ژیانی لە قۆناغێکەوە گـواسـتـمـەوە بۆ قۆناغێکی کە.. سـەرەتا لەسـەر دیوارەکە سێبـەرێکم دی هـەرچیم کرد بـۆم لێک نەئەدرایەوە بۆم دەرک نەدەکرا ئەمـە سێبەری چ ئەژدیهایەکی سەیرە..! ئەم ئاهوناڵەیە لە کوێ هەڵدەستێ. تا بە ئەسپایی سەرم لە ژێر پەتووەکەدا دەرهێنا. باوکم بەجەستەیەکی نیوەڕووتەوە خۆی دابوو بەسـەر جەستەی نیوەڕووتی دایکمدا و دەنگێکی سـەیریان لێ دەردەچوو وەک ئاهونـاڵەی کـەسێک کە لەژێر باری قورسـاییدا بەگیر هاتبێت. ترسام لەوەی باوکم بیەوێت دایکم بکوژێت.. هەرچیم کرد

نەمدەزانی بۆ وا دەکەن.؟! لەوە زیاتر نەمتوانی بێ هەڵوێست بم ودان بەخۆمدا بگرم.. زریکەم لە خۆم هەڵساند و لە کۆڕژنی گریانم دا. گریانە لەپڕەکەی من سەری لەوان شێواند و شپرزەیکردن. دایکم بە پەلە هەستا و گرتمیە باوەش وپەیتا پەیتا پرسیاری دەڕژاند بەسەرما. «چی یە.. چیتە رۆڵە.. کوێت دێشێ..؟!» نەدەوەستا بەدیار وەڵامی یەکەمەوە پرسیارێکی تری ئاراستە دەکردم.. نەمدەزانی چۆن رێگەیەک بۆ خۆدەربازکردن لەم گرفتە بدۆزمەوە بەردەوام هەنسکم دەدا.. تا باوکم بە رووتی هاتە ژوورسەرم گوتی: «چییە باوکت تۆپیوە..؟!» کە چاوم بە ئەژدیهاکەی نێو رانەکانی باوکم کەوت. زیاتر خۆم خزاندە باوەشی دایکم وبەکوڵتر گریام. هیچ شتێکم لەوە بەلاوە ناخۆشتر نەبوو کە هەستم کرد دایک و باوکم خەریکی چی بوون. ئەو خۆشەویستییەی جارانم بۆیان کەمتر بووەوە. تا ماوەیەکی زۆر. ئەمە سەرەتاییترین ساتی تەمەنی ئاشنابوونی من بوو بە جەستەی پیاو. دوای ئەوە دەرگە لەدوای دەرگە لەسەر شتی نوێ دەکرایەوە. هاوڕێکانم بە کوڕ و کچەوە لە من ئازاتربوون بەوەی سنووری پیرۆزی کۆمەڵگەیان دەشکاند و گەمەیان بە گەنجەکان دەکردو دەستیان لە ردێنی پیرەکان دەدا و و پێیەکانیان دەکردە هەموو کەوشێکەوە سڵیان لە هیچ نەدەکردەوە.. ئەمانە هەموویان بەر لە پەرتەوازەبوونمان بوو بە خەمی گەورەبوون.. ڕووانی مەمکی کچان و دەرکەوتنی وورده زیپکە و مووی تۆپەڵ تۆپەڵ لەسەر ڕووخساری کوڕان. دروستبوونی شەرمە سەرەتاییەکان کە مەودای خەیاڵەکانی درێژتر دەکردەوە. پێکەنینە سارد و بێ بەهانەکان، پرسیارە ناپەیوەستەکان بەسەردەم وجێگەوە.. هەر دەسپێکی پێوەندییەکی مانادار بوون ئەگینا هیچ نەبوون. من کڵۆڵترین کەسی ئەو سەردەمە بووم دایکم ئاگەداری کردم کە بچووکترین قسە بەسە بۆ حەلاڵکردنی خوێنم. چونکە سێ خوشکی لەمن بچووکتر هەبوون چاو لە رێگەی دادەیان بکەن.. چیتر من بوومە بوکەڵەیەک و تەنیا لەسەر هێڵە وەهمییەکانی خواستی ئەو دەجولامەوە. .

بالایەکی بەرز و ناوقەدێکی باریک و جوتێ مەمکی قوت. بەرهەمی هاوینێکی تەمەنی لاویم بوون.. کە هەرگیز نەمتوانی دەرکیان کەم. تا کەسانێک هاتن و ئاشنایان کردم. ئاسایی نییە مرۆڤ لە تەمەنیدا خۆی پەی بە بەهرەکانی خۆی نەبات تا کەسێک بێت و بۆ مەبەستی خۆی بەکاری بهێنێت.. لە سەرەتای رۆشتنم بۆ ناوەندی یەکێک بووم لە خوێندکارە جوانەکان. جێ سەرنجی ئەوکوڕانە بووم کە لە رێگە دەیانبینیم و جار جار قسەیەک یا گۆرانییەکیان دەدا بەگوێمدا. لەهەمووانیش خراپتر بەڕێوەبەری خوێندنگاکەمان بوو.. هێند بیرم فراوان نەبوو کە دەرک بەو هەڵسوکەوتانەی بکەم. تا

ڕۆژێک هاتە پۆلەوە داوای لە مامۆستاکەم کرد مۆڵەتم بدات تا هاوکاریان بکەم لە گەڕان وجیاکردنەوە و دابەشکردنی کتێبەکان بەسەر پۆلەکاندا، منیش بێ دەربەستانە ڕۆشتم. کە سەرم بەناو گەنجینەی خوێندنگاکەدا کرد دنیایەک بۆنی سەیر کەپووی پڕ کردم. بۆنی تۆز و بۆنی کتێبی نوێ و قەڵەم ولاستیک کە هێند بەلامەوە سەیر بوو تا ئێستاش هەر لە ناو کەپوومدا ماوەتەوە و ئەو بۆنەی نەدۆڕاندووە. خۆی لەبەر دەرگەکەدا وەستا و گوتی: «ئەو کتێبانە بە پێی پۆلەکان جیا بکەرەوە»کە دەنوشتامەوە هەستم بە تیشکی چاوەکانی و قووڵی نیگای دەکرد لەسەر جەستەم کاتێک سەرگەرمی کارەکەم بووم. جارجار بە دزەنیگایەک لە ژێرەوە سەیرم دەکرد. جارێک بە سێبەرەکەیدا هەستم کرد لە شوێنی خۆی جووڵاوە.. دڵم خورپەیەکی پێ کەوت، بەسەر خۆم نەهێنا من نوشتابوومەوە دەستێکی خستە سەر پشتم و بۆ کتێبێک نوشتایەوە. هەستم بە گەرمی لەپی دەستی کرد لەسەر پشتم هەموو جەستەم بوو بە دڵ و بەجارێک لێی دەدا. بە پەلە هەستامەوە کە هەستی کرد من ترساوم خۆی بێ ئاگا کردو بە هەڵدانەوەی پەڕەی کتێبەکەوە خۆی خەریک کرد.. لە ناخی خۆمدا هەزار قسەم بە خۆم گوت بۆچی وابیر دەکەمەوە.

هەر جارێک بڕۆشتمایە نزیکەی سی خولەک خۆم خەریک دەکرد و هیلاک دەبووم. ئەویش سوپاسی دەکردم و دەیناردمەوە پۆل. جگە لە من سێ کچی تر هەبوون لە جوانترین کچەکانی پۆلەکانی تر.. کە لە سەرەتای شکۆفەدابوون بانگی دەکردنە گەنجینەکەوە بۆ هەمان مەبەست. ئەم چیرۆکی بانگکردنانە درێژەیان کێشا و دووبارە دەبوونەوە.. بووبوونە کارێکی ئاسایی تا ڕۆژێک لە کاتێکدا سەرگەرمی کارکردن بووم دەرگەی کۆگاکەی داخست لە ترساندا هەستامە سەر پێ. لە دواوە باوەشی پێدا کردم و خۆی پێمەوە نوساند بە دەستە گەورەکانی گەمارۆی مەمکە تازە هەڵتۆقیوەکانی دام.. ویستم هاوار بکەم دەمی هێنایە پەنا گوێم و بە چرپە پێی گوتم: «وسبە کچێ.. بێ دەنگ بە.. با حەیات نەچێ و لە قوتابخانەش دەرت نەکەم» هەر لەوێدا بیرم لە قسەکانی دایکم کردەوە کە گوتی: «ئاگات لە خۆت بێت هەرچیت بەرامبەر بکرێ و خەڵک بزانێ خۆت حەیات دەچێ ئابڕوو گرانە ئاگات لە ئابڕووی هەمومان بێت » لەو ساتەوە دەمم چووە کلیلە و بێدەنگ بووم. تا بە ویستی خۆی تێر لێوەکانی مژیم و گەرووی پڕ کردم لە بۆگەنی جگەرە و هەناسەی. دوای ئەوەی ئارەزوی خۆی ڕشت گوتی: «خۆت چاک کە و بڕۆ.. بەڵام ئاگات لە خۆت بێت لای کەس باسی هیچ نەکەی».. هەرکاتێک ئەو سێ کچەی ترم دەدی هەستم دەکرد هەمان گۆشەگیری من بە ئەوانیشەوە دیارە هەر یەکەمان لەگۆشەیەکی

قـوتـابـخـانـەکـەوە لەنـاو خـەیاڵەکـانی خـۆمـاندا قـووڵ ڕۆ دەچووین.. کـەسـیش نـەبوو لەم کـەنارگیـرییـەمـان بکۆڵێـتـەوە. قـوتابـخـانە ئەو جـێـیـەی جـاران ڕزگـارکەرم بـوو لەدەست ئیشەکانی ماڵەوە وتێیدا چاوم بە هـاوڕێکانم دەکەوت و ئازادانە گفتوگۆم دەکرد.. ئەویش بوویە ئـەو دۆزەخـەی کـە لە هیچ جـێگەیەکی تردا نـەبوو. نەشم دەتوانـی لای کـەس باس لە کـێشـەکـانی خـۆم بکەم.. بۆیە بڕیـارم دا واز لە خـوێندن بێنم و هـاوکـاری دایکم بکەم لە گەورەکردنی منداڵەکانیدا و پاککردنەوەی ماڵدا. دایکم هەرزوویەک پێشوازیی لە بڕیارەکەم کـرد بێ ئـەوەی لێم بپـرسـێ بۆ؟! گـوتی: «خـوێندنی چی؟ ئـەگـەر داواکـارێکی بـاش هـەبوو یەکسـەر دەتدەم بە شـوو. بڕۆ بەڕێی خۆتا» کە من بومە کچی مـاڵەوە دەرگەی گەڕانەکـانی دایکم کەوتە سەر پشتو بەردەوام ماڵەکەی بەسەر منەوە بەجێ دەهێشت. ئەمەش وای کرد کـچانی گـەڕەک ئەوانەی لە تەمەنی خـۆمـدابون. یا خزمـەکانمان زووزوو سـەردانمان بکەن. لەوێشەوە قسەکان دەستمان بگرن بۆ زۆر جێگای تاریک ونادیار تا ئەوپەڕی خەیاڵ. لە ناو قسـەکاندا کە لە عیشق ودڵداری بەدەر نەبوو یەکێک لە کـچـەکان باسی کوڕە خـاڵەکەمی کرد. کەمن تـا ئەوکـات نەم دەتوانی بەو چاوەوە سـەیری بکەم هەروەک هـاوڕێیـەکی منداڵی تێم دەڕوانی پەیم بەگەورەبوونی نەبردبوو. خێرا لە دڵی خۆمدا بڕیارم دا گـەر ئەمجـار دیم ووردتر تێی بڕوانم. بـەخت یارم بوو هـەر ئەو شـەوە هات بۆ مـاڵمـان. جارجـارە سـەرێکم بۆ هەڵدەبڕی. هەموو جارێک چاوەکانیم لە ساتەوەختی خۆیدا دەبینی کە بەمانایەکەوە جیاواز لە ڕوانینەکـانی منداڵی بۆی دەڕوانیم. نیگاکـانمـان بزەشـی تێ کـەوت. ڕۆژان ڕۆژی بەدوای خـۆیدا هێنا وتا کـار لە گـوتن و دیتندا نەمـا گـەشـتـینە کـارەسـاتەکـە، ئەو جـێـیـەی کـە هەنگاوێکە و گەڕانەوەی نییـە. جـارێکی تـر کـەوتمەوە ناو داوی تەونی گرفتـەکان. تەنیا و بێکەس. متـمـانەشم بەکەس نەبوو تا داوای هـاوکـاریی لێ بکەم. منداڵی وکـەمـی تەمـەنیش ڕێگرێکی دیکە بوو لـە بەردەممـاندا. ئەویش لە من گـیـرۆدەتر جگە لەو یەکـجـارە کـە حـەز دەسـەڵاتی لێ سـەندینەوە هـیچ جـارێکی تر لێکتـر نزیک نەکەوتینەوە، ئەو تەنیـا جـارەش زارەتەرەکی کـردین. کە دەیبینی من دەگریم ئەویش لـە نزیکمـەوە دائەنیشت وەک خـاوەن پرسـەکان دەگریا، مـاڵەوەیان لەبێدەنگی و مەنگییەکەی کەوتبوونە گومـانەوە. هەموو جـار بەوەی کـە لە تاقیکردنەوەکانی قوتابخـانە باش نەبووە دەیخەڵەتاندن. مـانگێک تێ پەڕی و سووڕی مـانگانەم دواکەوت خورپەیەک وەدڵم کەوت. دڵهاتنەوە و نا ئارمییـەکانم زیاتربوون. لەگـەڵ هـەرگـۆڕانێکی مندا ئەویش زیاتر دادەڕمـا و وێرانتـر دەبوو خـۆی بـەداروبەردا دەکـێشـا..بەڵام چیـتر دەسـتمـان بەسـەر ڕابردوودا نەدەچوو.. جـارێکی تر لـە هاوڕێکانم

دابڕام وبازنەی پێوەندییەکانم تەسکتر بوونەوە. دایکم وەک ئەوەی شەیتان بەگوێیدا چرپاندبێت سۆسەی شتێکی کردبوو گومانێکی بۆ دروست بووبوو.. بەس هەر گومان بوو تا چەند هەفتەیەک تێ پەڕی و رشانەوەکانی من زیادی دەکرد. بەیانییەک بەر لە نانخواردن

گوتی: «نان مەخۆ. دەچینە نەخۆشخانە».

خۆم پێ نەگیرا گوتم:«بۆ نەخۆشی ؟».

گوتی : «بۆ خۆم نا بۆ تۆ بزانم چیتە ؟»

«کوا من چیمە هەرگیز گوتومە نەخۆشم؟!»

«بەگوتن نییە بەهەستکردنە. زۆر جار راستییەکان ناوترێن بەڵام هەستیان پێ دەکرێت»

هەموو گیانم هاتە لەرزین من لەوە ترسنۆکتر بووم راستی رووداوەکان بگێڕمەوە. یا بەرگری لە خۆم بکەم و نەچم لەگەڵی وەک کۆیلەیەکی گوێڕایەڵ شوێنی کەوتم. لە رێگەدا هەزاران جار لە خوا پاڕامەوە فریام بکەوێت. هەزاران چرنووکم لە خۆم گرت، بەڵکو خەوبێت و وەئاگا بێم. چەندین جار بیرم کردەوە خۆم فڕێ بدەمە بەردەمی ماشینێک. ئەفسووس ئەوە زاتی من نەبوو..

پەرستیارەکە کە ئەنجامی تاقیگەکەی هێنایەوە گوتی: «پیرۆزە دووگیانە. بەڵام ئەم تەمەنە کەم نییە. چەند مانگە شووی کردووە؟؟!» دایکم هیچ خۆی تێک نەدا وەک پێشبینیی کردبێت. وەڵامی دایەوە زۆریش منداڵ نییە سێ مانگە شووی کردووە. بەخششی پەرستیارەکەی لە بیر نەچوو.. کە ئەم کردەوانەم لە دایکم بینی ئاهێکم پێدا هاتەوە، وام زانی راست دەکات شووم کردووە. و بە منداڵبوونیشم دڵخۆشە. لە رێگەدا ئاوڕێکیشی لێ نەدامەوە.. «دەبێ چی وا لە دایکێک بکات چاوانی بەڕووی منداڵیدا هەڵنەیەت.. گەشتینەوەماڵەوە ئەودەم جامی رقی خۆی بەسەرمدا قلْپ کردەوە و کەوتە وێزەم. بەوەی لە بەردەستیدابوو.. ئەوەشی لە توانایدا هەبوو کردی بەرامبەرم. ئەوەشی لە منی دەویست یەک شت بوو. کێ وای لێ کردی..؟

من لەلای خۆمەوە ئەوانەم بە سزای ئاساییی خۆم دانابوو.. پێم شەرم بوو بگریم یا بپاڕێمەوە. چی تر ئاودیوبوونی وشە لە بازگەی زمانمەوە قەدەغە بوو. بۆ هەتایە وشەم لە بیری خۆم بردەوە. دایکم بە دزی خوشکەکانمەوە و لە بەرچاوی من وەک سزایەکی دەروونی لە پێش چاومدا لە خۆی دەدا و دەیگوت: «چوار کچ. ئەمە گەورەیان بێت. قوڕی کوێ بەسەر خۆمدا بکەم. چاو لە کێ بکەن..؟». باوکم ئەو پیاوە زاڵم و تووڕەیە لە بەرچاوم

هێنده زەلیل بوو بەزەییم پێیدا دەهاتەوە.. دوێنێ ئێواره بەرلەوەی دایکم بنێرێت بە دوای کوڕەخاڵ و کوڕەمامەکەمدا. کە من ئاگام لە پلانەکە نەبوو. باوکم هات و بەرامبەرم دانیشت چاوەکانی گرتە چاوم. لە چاوە تووڕەکانی جارانیدا ئەمجار هەستم بە خۆشەویستی کرد.. دەمویست زیاتر لە چاوەکانی ورد ببمەوە.. لەزەتم لەوە دەبینی چاوەکانی باوکم بە پڕ لە ئاوی ببینم، بەڵام پێم شەرم بوو، چونکە من بووبوومە مایەی سەرشۆڕی ئەو.. لە چاوەکانیدا بەزەیییەکی تێکەڵ بە بێ دەسەڵاتیم بەدی دەکرد.. هەستا و بە چاوە تەڕەکانییەوە دەستێکی بەسەرمدا هێنا. لەو ساتەدا پێویستم بە باوەشێکی پڕ سۆز هەبوو بمگرێتە خۆی تا لەو داهاتووەی کە دەرەقەتی نەدەهاتم بمپارێزێت. تەنیا ئەو ئاواتەم هەبوو، بەڵام لەوە ترسام، لە دیمەنەکاندا چاوەکانم بەهەڵەدا چووبن.. بۆیە ئەو ئاواتەشم وەک هەزاران ئاواتی ترم لە دڵمدا ناشت. باوکم رۆشتە دەرەوە کوڕەمامەکەم کە هەمووان لێی تۆقی بووین. هاتە ژوورەوە و گوتی: «قەحبە. هەر لەبەر ئەمە وازت لە خوێندن هێنا بۆ ئەوەی هەتیو مەتیو بێنیتە ماڵەکە؟» جارێکی کە برینەکانی قوتابخانەم کولانەوە. بانگی لە کوڕە خاڵەکەم کرد. بەناو هێنانی زارەتەرەک بووم. گرنگ نەبوو من سەرەنجام چیم لێ دێت. ئەوەی بەلامەوە گرینگ بوو نەزانن کێ بووە دەروازەکانی جەستەی واز کردووم. قاچەکانم لەگۆ کەوتبوون پتر لە هەفتەیەک بوو نانی ئەو ماڵە لە من قەدەغە بوو. بۆیە بە ئەسپایی باڵەکانیان گرتم و بۆ دەرەوەی ژوورەکەیان بردم. لە دەرەوە زانیم کات هێشتا سەر لە ئێوارەیە و تازە شار چووەتە ناو نهێنییەکانی تاریکی. پەلکێشیان کردم بۆ ناو ماشینێک. لە کاتێکدا سەریان خستم کوڕەخاڵەکەم زۆر بە گەرمی دەستەکانی گوشیم. گوشینی پەنجەکانم لەو ساتەدا کەمێک لە ئازارەکانی سووک کردم. چونکە کەسێک هەیە سۆزی بۆم هەبێ و مەرگم فرمێسکی چاوەکانی وەئاگا بێنێ... هەستم کرد هێشتا خۆشی دەوێم. لە جامی دواوەی ماشینەکەوە ئاوڕێکم بۆ ماڵەوە دایەوە دڵنیابووم هەرگیز جارێکی تر ناگەڕێمەوە ناو ئەم ماڵەی کۆشکی سزاکانم بوو.. کەسیش بە دوای سزای مەرگمدا شیوەن ناکات. ماشین بەناو باڵی تاریکیدا دەڕۆشت. جار جار کوڕەخاڵەکەم ئاوڕم لێ دەداتەوە هەست بە ترووسکەی فرمێسکەکان دەکەم لە چاوەکانیدا دەیانەوێ بڕژێن و زاتی ئەوە ناکەن. ماشین بەناو تاریکیدا دەڕوا کشومات.. جگە لە دەنگی ماشین.. هەمووان بیر لە ساتێک دوای ئێستا دەکەینەوە.. کە دەزانین دێت و بۆ هەر یەکێکمان بە جۆرێ. دەنگی تەقە لەودیو چیاکەوە دەنگ دەداتەوە. ماشین دەگەڕێتەوە جگە لە دوو پیاو لە پێشەوەی جگەرە دەکێشن جگە لە گڕی سووری جگەرەکەیان هیچ دیار نییە.